## هێرشدەكرێتە سەر ٨ بورجی ئاسیاسێل

پ.موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٨ گرووپە چەكدارە توندڕەوەكان هێرشیان كردە سەر ٨ بورجی مۆبایلی كۆمپانیای ئاسیاسێلیان لەگەڕەكەكانی (المثنى،الكرامة، الوحدة، المصارف والكفاءات) زیانیان پێگەیاندو تێكیاندان.

## پۆلیسی سوریا ئافرەتێكی كورد دەكوژێت

پ.دیمەشق/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٥ لەئەنجامی گوللەبارانی كوێرانەی پۆلیسی سوریا بەسەر دانیشتوانی گەڕەكی لاپەرەگەیی دیمەشق (دیماس) كە بەكوردی ناوی (زۆراڤا)ی لێنراوەو، دانیشتوانەكەی كوردی هەژارن، ئافرەتێكی كورد گیانی لەدەستداو سێ هاوولاتی دیكەش بریندار بوون. جێگەی باسە كەحكومەتی سوریا هەڵمەتێكی تێكدانی لە گەڕەكە دەستپێكردووە.

## چەند كوڕێك باوكە پیرەكەیان دەردەكەن

پ.هەولێر/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٠، پیاوێكی تەمەن (٨٠) ساڵ بەناوی (ئیبراهیم)، لەلایەن كوڕەكانی خۆیەوە لەماڵەوە دەردەكرێت لەلێدوانێكدا بۆ میدیا (ئیبراهیم) گوتی "كوڕەكانم بەخێوم ناكەن لێم بێزار بوونە".

## كچێك خۆی دەسووتێنێت

پ. هەولێر/ كچێكی تەمەن (١٦) ساڵانی دانیشتووی گەڕەكی بەستەپیازە خۆ دەسووتێنێت، سەرچاوەیەك بە (میدیا)ی ڕاگەیاند ئەم كچە لە ڕقی باوك‌وبراكەی خۆی سووتاندووە كە نەیانهێشتووە بچێتە قوتابخانە.

## مزگەوتێك دەتەقێندرێتەوە

پ.موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٥ لەگەڕەكی (الفیصلیة) مزگەوتی (المتقین)ی شیعەكان تەقێنرایەوەو لەئەنجامدا پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتەكە بەناوی شێخ حیكمەت شێخ موساو ٣ هاوولاتی دیكە كوژران. لەلایەكی دیكەوەولەهەمان ڕۆژدا، لەناوچەی (غزلانی) لەموسڵ مەلایەكی سوننە بەناوی ئەحمەد تەهاو كوڕێكی بەناوی محەممەد كوژران.

## پەیامنێرێك دەكوژرێ

پ.موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٧ لەشاری موسڵ گرووپێكی تیرۆریستی، (هیند ئیسماعیل) پەیامنێری ڕۆژنامەی (السفیر)ی بەغدایان ڕفاندو پاش ماوەیەكی كورت لەدوای ڕفاندنەكە كوشتیان.

## ٦ عەرەبی یەمەنی دەستگیر دەكرێن

پ.موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٤ لیوا ئەحمەد ئەلجبوری فەرماندەی هێزی پۆلیس بە (میدیا)ی ڕاگەیاند كەهێزەكانی پۆلیس ٦ عەرەبی یەمەنییان دەسگیر كردووە لەگەڵ بڕێك چەك و تەقەمەنی، ئەو یەمەنیانە دانیان بەوەداناوە كەئەولەرێگای سوریاوە هاتوونەتە ناو عێراق. لەهەمان ڕۆژدا، هێزەكانی پۆلیس پاش شەڕوس پێكدادانێك لەگەڕەكی (الوحدة) توانیان یەكێك لەسەركردەكانی گرووپە تیرۆریستیەكان بەناوی عەبدولجەبار ئەحمەد بكوژن. لەشەڕەكەدا ٥ پۆلیس كوژران. هەر هەمان ڕۆژ هێزە فرە ڕەگەزەكان لەگەڕەكی جمهوری سەركردەیەكی تیرۆریستیان بەناوی (ابوزید) كوشت.

## ١٢ دوكاندار دەكوژرێن

پ.موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٧ گرووپێكی چەكدار هێرشیان كردە سەر ماڵێك لەگەڕەكی (المثنى) لەموسڵ و پیاوێك و دوو ئافرەتیان كوشت، هەر لەهەفتەی ڕابردوودا، بەهۆی گوللەی وێڵ ٢٣ هاوولاتی لەموسڵ كوژران كەدوازدەیان خاوەن دووكانەكانی سەر شەقام بوون.

## گەورە تیرۆریستێك دەسگیر دەكرێ

پ.موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٤ لەتەلەعفەر هێزە فرە ڕەگەزەكان توانیان بەرپرسێكی تیرۆریستان بەناوی سەلاح جەعفەری كەناز ناوی ئەمیرولئومەرای هەیە، دەسگیر بكەن.

## كچێك دەرفێنرێ

پ.موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٦ گرووپێكی تیرۆریستی كچێكیان لەتەنیشت زانكۆی موسڵ بەرەو شوێنێكی نادیار ڕفاند.

## دوو بۆمبی تەوقیتكراو پوچەڵ دەكرێنەوە

پ.موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٦ لەشاری موسڵ هێزە فرە ڕەگەزەكان توانیان دوو بۆمبی تەوقیتكراو پوچەڵ بكەنەوە، یەكێكیان لە(حی سومر)، ئەویتریان لەفلكەی (سیدتی الجمیلە) لەگەڕەكی (الزهور) دانرابووەوە.

## كچێك دەخنكێت

پ.بەردەڕەش/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٥ لەگوندی (دوو گوندان)ی سەر بەناحیەی بەردەڕەش كچێكی تەمەن ٩ ساڵ بەناوی (جیهان ئەحمەد) كەقوتابی پۆلی سێیەمی سەرەتایی بوو، لەكاتی كۆكردنەوەی خۆڵ بۆ مەبەستی سواخكردنی سەری خانووەكەیان، دەكەوێتە بن خۆڵی كەندێك و لەئەنجامدا دەخنكێت.

## كچێك خۆی دەسوتێنێ

پ.بەردەڕەش/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٥ لەگوندی دارەتووی سەر بەناحیەی بەردەڕەش كچێك بەناوی (ش. ه) خۆی سوتاند، دەگوترێ هۆیەكە بۆ هەبوونی كێشەی خێزانی دەگەڕێتەوە.

## موختارێك تەنەكەیەكی پڕ پارە دەدۆزێتەوە

پ. دیبەگە/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٠ لەچواررییانی شەهیدانی ئازادی شارۆچكەی دیبەگە تەنەكەیەكی ڕۆن لەسەر شەقام دانرابوو. سەلیم عەزیز موختاری دیبەگە دادەبەزێ بۆ پشكنینی نەبادا بۆ كاری تیرۆریستی دانرابێت كەچی دوای كردنەوەی دەبینێ پڕیەتی لەپارە ئەویش بانگەواز دەكات كەكێ پارەی ون كردووە. بۆ ڕۆژی پاشتر خاوەنەكەی لێ پەیدا دەبێ و دەیباتەوە كە خەڵكی كۆمەڵگای كەورگۆسكە.

## دوو كەس لە پێكدادانی ئۆتۆمبێلدا دەمرن

پ.سلێمانی/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٥ لەسەر ڕێگەی عەربەت–سلێمانی لەنزیك گوندی ژالەتوو لەئەنجامی پێكدادانی دوو ئۆتۆمبێلی جۆری نیسان پاترۆل و مازدادا، دوو هاوولاتی بەناوی تەهاو ئامینە كە كە خەڵكی شارۆچكەی سەید سادق بوون گیانیان لەدەست داو، دوو كەسی دیكەش بریندار بوون.

## كارەبا كەسێك دەگرێت

پ.سەید سادق/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٦ لەشارۆچكەی سەید سادق كوڕێك بەناوی فەرهاد لەكاتی ڕاوە ماسی لەدەریاچەی سیروان كارەبای مولیدە دەیگرێت و گیانی لەدەست دا.

## شوفێرێك گیانی لەدەست دەدات

پ. پاوە/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٢ لەسەر ڕێگەی بایزگان بۆ پاوە، ئۆتۆمبێلێكی جۆری وانێت مۆدیل سایپا كەوتە ناو دۆڵێك و بەهۆی ئەمەوە شوفێری ئۆتۆمبێلەكە كە نێوی "عەتا سەدیق" بوو، گیانی لەدەست دا.

## تراكتۆرێك منداڵێك دەكوژێت

پ.جوانرۆ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٥ لەجوانرۆ تراكتۆرێك بەهۆی پسانی ئیستاپەكەیەوە دەچێتە سەر شۆستەكان و دوو منداڵ كە لەكاتی تێپەڕین لەو ناوچەیە بوون، بەژێرەوە دەخات و دەست بەجێ كەسێكیان بەنێوی سامان تەمەن دەساڵان دەمرێت و ئەوی دیكەش بەناوی سرووش كەریمی بەسەختی بریندار بوو.

## خارنگەها دوبانێ هاتەسوتن

پ. سێمێل/ ڕۆژا ٢٠٠٥/٩/١٨ ل دەشتا دوبانێ كو دكەڤیتە نێڤبەرا سێمێل و زاخۆ تانكەرەكێ توركی پڕ بەنزین كو ٢٣ لیترێت بەنزینێ تێدا بوون ئاگرگرتو دئەنجامدا خارنگەها دوبان بەتەمامی سۆت.

## بەهۆی تۆڵەسەندنەوە كەسێك دەكوژرێت

پ.بەردەڕەش/ كاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٢ هاوولاتیەك بەناوی ئەحمەد ئیبراهیم خەڵكی گوندی "قادسیەی گۆران"ی سەر بەبەردەڕەش، لەگەراجی گواستنەوەی بەردەڕەش بەهۆی كێشەی تۆڵە سەندنەوە، لەلایەن كەسێكی خەڵكی كۆمەڵگای "كەلەكچی"یەوە كوژرا، پاشان تاوانبارەكە لەلایەن ئاسایشی بەردەڕەش دەستگیركرا.

# KNC داوا دەكات مانگی ئۆكتۆبەر بكرێتە

# مانگی ڕەتكردنەوەی دەستور

میدیا - لەندەن/ كۆنگرەی نیشتمانی كوردستان لەبانگەوازێكدا داوای ڕەتكردنەوەی دەستوری عێراقی دەكات. لەبانگەوازێكی هاوبەشی كۆنگرەی نیشتمانی كوردستان KNC و كۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم و حكومەتی ڕۆژئاوای كوردستان لەدەرەوەی وڵات، كە لە ٢٠٠٥/٩/١٦ وە لە لەندنەوە ئاراستەی گەلی باشووری كوردستان كراوە، دەستوری عێراق بەدەستورێكی ڕەش وەسفدەكەن و دەڵێن "قبوڵكردنی ئەو دەستورە دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی ڕەنجی چەندین ساڵەی خەبات و تێكۆشانی پڕ لەسەروەری خەڵكی باشووری كوردستان" و ڕازیبوون بەو دەستورەو دەنگپێدانی بەئەری مانای وایە كورد بەبندەستی ڕازییەو مافی خۆی ناوێ.

ئەو سێ لایەنە بانگەوازی هەمووچین و توێژەكانی كورد دەكەن و دەڵێن "هاوار لەگەلی كورد دەكەین، مانگی ئۆكتۆبەر بكەنە مانگی بەهەڵوێست بوونی نەتەوەیی كوردو دەنگ بەدەستوری ڕەش و سامناكی عێراق مەدەن".

## سەندیكای ڕۆژنامەنووسان

# میكانیزمی تازە بۆ بەدواداچوونی كێشەی ڕۆژنامەنووسان دادەنێ

میدیا - هەولێر/ سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان میكانیزمی تازەی بەدواداچوونی كێشەی ڕۆژنامەنووسان دادەڕێژێ و، كار بۆ نەهێشتنی سزای زیندانیكردنیان دەكات.

كاتژمێر ٥ی ئێوارەی ٢٠٠٥/٩/١٨ بەسەرپەرشتی فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان و بەبەشداری ئەنجومەنی سەندیكاو هەردوو لیژنەی بەرزەفتكردن و چاودێری كۆبوونەوەیەكیان سازدا، كەتێیدا گفتوگۆ لەسەر میكانیزمی بەدواداچوونی كێشەو سكاڵای ڕۆژنامەنووسانی كردو بڕیاردرا، ئاكۆ محەممەد سەرۆكی لیژنەی بەرزفتكردن‌و ئەندامانی لیژنەكە دەسەلاتیان پێبدرێت بۆ بەدواداچوونی كێشەكانی ڕۆژنامەنووسان بەهاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ نەقیب و ئەنجومەن و لقەكانی سەندیكا.

هەروەها (میدیا) زانیویەتی كە سەندیكا لەچوارچێوەی هەولدانی بۆ چاكسازیی یاساییدا لەگفتوگۆو هەوڵدان دایە بۆ نەهێشتنی سزای زیندانیكردنی ڕۆژنامەنووسان لەسەر كاری ڕۆژنامەنووسی لەكاتی حوكمدانیان لەدادگاداو، چوارچێوە بەندكردنی سزادانەكە بەسزادانی دارایی وەك زۆر لەوڵاتانی ئەوروپا.

هەروەها سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان داوا دەكات كەڕۆژنامەنووسان بەراستەوخۆ یاخود بەم تەلەفۆنەو ئیمێل ئەدرێسە سكاڵاو كێشەكانیان بگەیێننە سەندیكا:

Tel: 2294800

Email:govar2004@yahoo.com

## بەبێ ئاگادار كردنەوەی سەندیكای ڕۆژنامەنووسان

# بەڕێوەبەری پۆلیسی سۆران سەرنووسەری هەفتەنامەی زاری كرمانجی بانگی لێكۆڵینەوە دەكات

پ.سۆران/ بەڕێوەبەری پۆلیسی سۆران بەپێی نووسراوی ژمارە (٣٧٣٨) كە لەڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٥ دەرچووەو لەڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٩دا دراوەتە (بۆتان تەحسین)ی سەرنووسەری هەفتەنامەی (زاری كرمانجی) لەسۆران، داوادەكات كە "سەرنووسەری زاری كرمانجی‌لەگەڵ نووسەری بابەتی باوكی بەسۆز لەبنكەی پۆلیسی سۆران ئامادەبن بۆ وەرگرتنی گۆفتاری ماددەی ٢٤٠ی یاسایی". ئەو نووسراوە كە لە "بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران" دەرچووە، بە موخالەفەیەكی یاسایی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كورۆدستان دادەنرێت كە لەپەرلەمانی كوردستان دەرچووەو تێیدا هاتووە، كە نابێ ڕۆژنامەنووس بانگی لێكۆڵینەوە بكرێ بەبێ ئاگاداری‌و ڕێپێدانی سەندیكا.

# وەزارەتی ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی وەڵامی ئەو نووسیانە دەداتەوە كە لەسەر خۆنیشاندانەكەی كەلار بلاوكراونەتەوە

پ.سلێمانی/ دوای ئەوەی لەچەندین ماڵپەری ئینتەرنێت كۆمەڵێك وتارو بابەت لەسەر ڕووداوەكەی كەلار بڵاوكرانەوە، وەزارەتی ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی ڕوونكردنەوەیەكی ڕەسمی وەكو وەلامێك بۆ هەموو نووسین و لێدوانەكان بڵاوكردەوە.

ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٧ وەزارەتی ناوخۆی سلێمانی بەڕوونكردنەوەیەك وەڵامی ئەو نووسینانەی دایەوە كە لەسەر ڕوودوای كەلار بڵاوكرابوونەوە تێیدا هاتووە "بەداخەوە بەشێك لەو نووسینانە سەرەڕای ئەوەی لەڕووی دەربڕین و بینای ڕستەو تەكنیكی نووسینەوە هەرگیز ناچێتە خانەی نووسینێكی جیدیەوە، زۆر نامەسئولانەو بێ ئینسافانە هاتوونەتە خوارەوە، تەنانەت درۆی واشاخدار هەڵبەستراوە كەنموونەی نییە".

لەبەشێكی دیكەی ڕوونكردنەوەكەدا كەدانەیەكی دراوەتە (میدیا) باس لەعەلی مەحمود محەممەد دەكرێ كەیەكێكەلەو نووسەرانە كە لەبارەی خۆنیشاندانی كەلار نووسیویەتی و لەبەیاننامەكەدا هاتووە لەنووسینەكەی "عەلی مەحمود محەممەد بەنێوی (كەلاری ئەمجارەو كەلاری داهاتوو)دا هاتووە كەوەزارەتی ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی بڕیارێكی كۆنە پەرستانەی دەركردووە بەوەی كە هەر فەرمانبەرێك بەشداری لەخۆنیشاندان بكات دەردەكرێت، ئێمە نازانین ئەو بڕیارەی لەكوێوە هێناوەو دڵنیاین كەئەو جۆرە قسانە پولێك ناكات و دەبێت لەكوێ هێناویەتی وەك خۆی بیباتەوە".

دوای ئەمە عەلی مەحمود محەممەد لەنووسینێكدا بەنێوی (وەلامێك بۆ ڕاگەیاندنی وەزارەتی بێ نوقتەو فاریزە)دا نووسیویەتی "ئەگەر وەزارەتێك نەتوانێت ئاسایشی هاوولاتیان دابین بكات، تەنها هەقی ئیستقالە كردنە".

لەدواییدا نووسیویەتی "وەزارەتی ناوخۆی سلێمانی بەهەموو فەرمانبەرو هەڵەچن و كوردی زمانەوە نەتوانن دوو نوقتەو فاریزە بۆ پەرەگرافی نووسینەكانیان دابنێن، چ مافێك دەدەن بەخۆیان و تانەو تەشەری هەڵەی زمانەوانی لەخەڵك بدەن".

# ئەمڕۆ كۆبوونەوەیەك لەبارەی كێشەی د.فەرهاد پیربال‌و مامۆستا گوازراوەكانی دیكەی زانكۆی سەلاحەددین ساز دەكرێ

میدیا - هەولێر/ دوای ئەوەی بەشێوەیەكی ڕەسمی بڕیاری گواستنەوەی د.فەرهاد پیربال و د.عەبدوڵڵا حەدادو چەند مامۆستایەكی دیكە لەكۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەكان بۆ كۆلیژی پەروەردەی بنیات لەلایەن ڕاگرایەتی كۆلیژو سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەددین دراو مامۆستایەكان ئەو بڕیارەیان ڕەتكردەوە، بۆ یەكلایی كردنەوەی كێشەكە ئەمڕۆ كۆبوونەوەیەك بەڕێوەدەچێت. ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٩ د.فەرهاد پیربال لەپەیوەندییەكی تەلەفۆنیدا بە (میدیا)ی ڕاگەیاند سبەی ٢٠٠٥/٩/٢٠ لەسەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەددین كۆبوونەوەیەك سەبارەت بەكێشەی خۆی‌و مامۆستاكانی دیكە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان دەبەسترێ. بۆ چارەسەركردنی كێشەكە.

هەروەها د.فەرهاد گوتی "چەندین مامۆستاو قوتابی پەیوەندییان پێوە كردووم كەبەنیازن مان بگرن و خۆنیشاندان ڕێكبخەن، بەلام پێم ڕاگەیاندوون كەچاوەڕێی ئەنجامی كۆبوونەوەی ڕۆژی سێشەممە بكەن".

لەلایەكی دیكەوە باس لەوە دەكرێ كەزانكۆكانی سلێمانی‌و كۆیە داوایان لە د.فەرهاد پیربال كردووە كەبچێتە ئەوێ‌و لەیەكێك لەزانكۆكانی ئەوێ وانە بڵێتەوەو ببێتە ڕاگر، بەلام د.فەرهاد دەڵێ "من هەولێر بەهیچ شتێك ناگۆڕمەوە".

# هاووڵاتیان لەدواكەوتنی دابەشكردنی بڕە خۆراكی مانگانە ناڕازین



بریكارەكانی دابەشكردنی خۆراكیش لەدواكەوتنی بەشە خۆراكی مانگانە بێزارن (میدیا)

سالح قادر-هەولێر/ هاووڵاتیان گلەییان هەیە لەدواكەوتنی بڕە خۆراكی بایەعی لەدوای بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراكی نەتەوە یەكگرتووەكان مانگانە بەسەر هاووڵاتیان دابەشدەكرێت، وەك هاووڵاتیان باسی لێوە دەكەن سەرەتا ئەو بڕە خۆراكە زۆر بەڕێكوپێكی دابەشدەكرا، بەلام ئەوە ماوەی چەند مانگێكە بەشێوەیەكی پچڕ پچڕ دەگاتە هاووڵاتیان ئەمەش ناچاری كردوون كە لەبازاڕدا بەنرخێكی گران مادە خۆراكیەكان بكڕن. هەرچەندە لەسەر (پسولەی تەموین) ناوی ١٠ جۆر لەخۆراكی پێویستی ڕۆژانەی هاووڵاتیان نووسراوە، بەلام ئەو ماوەی دوو مانگە تەنها (برنج‌و شیرو فاسۆلیا) بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشكراوە كە ئەویش هی مانگەكانی ڕابردوو بووەوە ڕۆنیش ماوەی ٦ مانگە یەكجار دابەشكراوە لەگەڵ ئەوەشدا لەمانگی ئەیلول پارەی دوو مانگ بەیەكجار لە هاووڵاتیان وەرگیراوە.

(هالە ئەحمەد)ی تەمەن ٣٢ ساڵ كە خاوەنی ٤ سەر خێزانن دانیشتوی گەڕەكی تەعجیلی شاری هەولێرن، لەبەر دەرگا لەگەڵ دوو ئافرەتی دراوسێی دانیشتبوو گلەیی زۆری هەبوو لە دابەشكردنی ئەو بڕە خۆراكەی مانگانەو وتی "ئەو بایەعە بەشمان ناكات ئەوی دێت زۆر بەناڕێكی وەریدەگرین هەر مانگێ شتێك نادەن، مانگێك شەكر دێت ڕوون نایێت ڕوون دێت برنج نایێت" هەروەها باسی لەوە كرد ئەو بڕە خۆراكە بەشیان ناكات‌و مانگانە دەبێت لەبازاڕ بیكڕن‌و، ئەو داوای كرد كە بایەعەكەیان وەكو جاران بەڕێكوپێكی بۆ بێت.

هەر لەبەردەم دەرگای ماڵی هالە ئافرەتێكی تر بەناوی (هەمین حەسەن) تەمەن ٣٧ ساڵ كە خاوەنی ١١ سەر خێزانن هاتە قسەو وتی "هیچ شتێك بەشمان ناكات هەموو مانگێك دەبێت من تایت‌و سابوون بكڕم ئێمە هەژارین، كەسمان نییە ئیشمان بۆ بكات‌و مێردەكەم جەڵتەی دەماغ لێیداوە". ئەو لەگەڵ ئەوەشدا باسی لەخراپی جۆری خواردنەكان دەكرد بەتایبەتی ڕۆن "هەموو مانگێك ڕۆنەكە دەفرۆشمەوەو بەگرانتر ڕۆنی بازاڕ دەكڕمەوە چونكە ئەو ڕۆنە زۆر خراپە بۆ مێردەكەم".

مام مەجیدیش كە بریكاری خۆراكەی لەبەشی پێشەوەی دوكانەكەی مێزێكی شەكەراتی داناوە بەشی پشتەوەی دوكانەكەشی تەرخانكردووە بۆ دابەشكردنی بایەع، ئەویش گلەیی زۆری هەبوو دەیوت "قسەی چ بكەم تەماشای ناو دوكانەكەم بكە بزانە چی بایەعی تێدایە، مانگی شەش تەنها برنج هاتووە ئەو مانگەش تەنها فاسۆلیاو شیر هاتووە، ئەویش هی مانگەكانی دیكەیەو پارەی دوو مانگیان لە هاووڵاتیان وەرگرتووە".

(ئەحمەد عومەر) تەمەن ٧١ ساڵ كە لەبەردەم دووكانەكەی مام مەجید وەستابوو هاتە قسەو وتی "ئەوە چەند مانگە ڕۆنم وەرنەگرتووە هەرچەندە دوو كەسم لەماڵەوە بەلام هەژارم‌و تاقەتم نییە هەموو مانگێك خۆراك بكڕم" ئەویش وەك زۆربەی هاووڵاتیان تاكە داواكاری ئەوە بوو كە ئەو بڕە خۆراكە وەكو جاران بەڕێكوپێكی بگاتە دەستیان.

مەیاس ئەحمەدی تەمەن ٦٥ ساڵ زۆر ڕازی بوو لەجۆری خواردنەكەو وتی "مادەكانی خۆراكەكە هیچ عەیبیان نییە ئێمە شوكرین بەو نەوعە خواردنە، بەس دوعا بكە هەموو مانگێك بایەعمان بدەنێ ئێمە مەمنون دەبین، ئێمە تاقەتی كڕینی برنجی گوڵدانمان نییە". باجی مەیاس تاكو ئێستا بایەعی مانگی نۆی وەرنەگرتووەو وەك خۆی دەڵێ "ئێمە هەژارین بایەعەكەمان دوورە ناتوانم هەموو جار تەكسی بگرم چاوەڕێی ئەوە دەكەم هەموو شتەكان بێت ئینجا بچم وەریگرم".

ڕەمزیە حەمە سالحیش كە جگەرەیەكی بەدەستەوە بوو لەبەردەم دوكانی یەكێك لەهاوسێكانی لەگەڵ هاوسێكەی لەگەڕەكی سەیداوەی شاری هەولێر دانیشتبوو وتی "كوڕە بایەعی چی كوا بایەع ئەوە چەند مانگە هیچم نەدیتیە هەر ئەوەندە دەزانم جارێ سەلكە سابونەك یان دوو دنكە فاسۆلیای دەدەن‌و تەواو" ئەو گلەیی زۆری هەبوو دەیوت "مەسولەكان تێرن ئاگایان لە فەقیر نییە لە چ ژیانێك دایە". لەگەڵ ئەوەی هاووڵاتیان گلەییان لەجۆری خواردنەكەو دواكەوتنی هەیە لەهەمانكاتیشدا بڕیكارەكانیش گلەیی زۆریان هەیە، ئەوان ڕۆژانە بەدەست پرسیاركردنی هاووڵاتیان هەراسان بوون. زەكیە محەممەد كە وەكیلی دابەشكردنی بایەعییە دەڵێ "ئەو بایەعە هیچ كەڵكی نییە خەڵك گلەیی لەئێمە دەكات، دەڵێن بایەع بۆ نایەت باشە ئێمە چ بكەین، خەڵك وا دەزانێت ئێمە مودیری مەسلەحەین" هەروەها گلەیی ئەوەی دەكرد كە شتەكان بە پچڕ پچڕی دێت ئەمەش وادەكات كە ئەوان بەردەوام خەریكی دابەشكردنی بایەع بن‌و وتی "بەڕاستی من خەمی خەڵكی گوندەكانمە، مانگی وایە دێن تەنها دوو مەواد هاتووە، مەسرەفی ڕێگەیان زیاترە لەشتەكە".

دواكەوتنی بایەع كاریگەرییەكی زۆری لەسەر بازاڕی خۆراك كردووە وای كردووە زۆربەی مادە خۆراكییەكان چەند قاتی جاران گران بن وەك زەكیە باسیكرد "جاران یەك كیلۆ شەكر بە ٣٠٠ دینار بوو ئێستا كیلۆی بە ١٠٠٠ دینارە، دوو كیلۆ برنجی بایەعت بە مەمنونی بەدینارێك دەفرۆشت ئێستا خراپترین برنج كیلۆی بە پێنج دینارە".

دواجار حاجی (كافیە سلێمان)ی تەمەن ٦٥ ساڵ باسی لەخراپی كەلوپەلەكانیكردو وتی "ئەو شتەی دێت كۆن بووە جارێك وتیان برنجی ئەمریكی دێت وانەبوو هەر برنجە خەراپەكە هات. یەكجار سابونی ڕەقیان دابەشكرد، لەدوای ئەو سابوونێكیان دا لەسەری نووسرابوو هی تەوالێتە سەرو پرچمان هەمووی بەو سابونە خراپەی بایەعی هەڵوەری". حاجی كافیە گلەیی زۆری لەو حەمباڵانە هەبوو كە خۆراك دادەبەزێنن، وتی "شتەكە زۆر بەناڕێكی دادەبەزێنن دواتریش داوای پارە دەكەن، بەڵكو هەموو جارێك داوای بەخشیش دەكەن".

لەپەیوەندییەكی تەلەفۆنیشدا بەڕێوەبەری گشتی دابەشكردنی كەلوپەلی خۆراك لەهەولێر وتی "كێشەی كەمی خۆراك كێشەیەكی سەرتاسەرییە لە هەموو عێراق نەك بەتەنها لە كوردستان، ئێمەش شەرمەزاری خەڵك بووینە ئەوەندەی بەڵێنیان پێبدەین‌و نەتوانین جێبەجێی بكەین، چونكە جێبەجێكردنەكە لەدەستی ئێمەدا نییە، من بۆ خۆم لەو پێشانگا نێودەوڵەتییەی كە لەپاركی هەولێر كرایەوە وەزیری بازرگانی عێراقم بینی‌و لەسەر ئەو كێشەیە قسەم لەگەڵ كرد، ئەویش بەڵێنیدا كە پێش هاتنی مانگی ڕەمەزان بەشێكی باش لەخۆراك دەگاتە هەرێمی كوردستان، بەلام تائێستا هیچ شتێك دیار نییەو پێتان ڕادەگەیەنین ئێمە بەستراوین لەگەڵ بەغدادا، ئەوان چیمان بۆ ڕەوانە بكەن ئێمە دابەشی دەكەین".

# نا بۆ دەستووری ڕەش

**تامان شاکر - ئەڵمانیا/** لەژێر دروشمی نا بۆ دەستووری ڕەش پرۆفیسۆر د. جەمال نەبەز لەشاری کۆلن سیمینارێکی پێشکەش بە کوردانی دانیشتووی ئەو ناوچەیە کرد، هەرچەندە ئەندامان و لایەنگرانی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان ئامادە نەبوون، بەڵام کۆمەڵێک خەڵکی ڕۆشنبیرو نووسەر ئامادەی کۆڕەکە بوون لەوانەش بەختیار عەلی، بەرزان هەستیار، سیروان ڕەحیم، بەکر شوانی و کۆمەڵێکیتر لەڕۆشنبیران لەهەموو بەشەکانی کوردستان و چەند کەسانیکیش لەهۆڵەنداوە هاتبوون بۆ ئەو سەمینارە بەشدار بوون.

سەرەتا هەڵسوڕێنەری کۆڕەکە بەڕێز ڕەزا حەمە بەخێرهاتنی میوانەکانی کردو لەدواییدا مامۆستا جەمال نەبەز هەندێك خاڵی سەرەکی نێو دەستوورەکەی هەڵسەنگاندو وتی: سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەم کە ئەرکتان کێشاوەو ئامادەی ئەم سەمینارە بوون و پێموایە ئەوانەی لێرە ئامادەن کەسانی خەمخۆری نەتەوەی کوردن و دەیانەوێ لەم دەستوورە تێبگەن، کە چەند خزمەت بەنەتەوەی کورد دەکات.



د. جەمال نەبەز لەکاتی پێشکێش کردنی باسەکەیدا لەشاری کۆلن ... (میدیا)

لەوەو پێش وتارێکم نووسی کە لە ڕۆژنامەی (میدیا)ی ئازیزدا بڵاوکرایەوە بەناوی "دەستووری کۆیلەیی و شەرمەزاری"، پێموایە ئەم دەستوورە شەرمەزارییە بۆ ئەو کەسانەی پێیانوایە کە ئامانجەکانی نەتەوەی کوردی هێناوەتە دی.

هەندێ لەسەرکردەکانی کورد پێیانوایە زۆر لەئامانجەکانی گەلی کورد هاتۆتە دی، وانییەو ئەو شتانە نەهاتۆنەتەدی، ئەو شتانەشی کە ئێمە ئێستا باسیان لێوە دەکەین هەموو ئەو شتە باشانە بەتاڵ دەکەنەوە.

## دەستوور بۆ گەلێکەرێزی دەستوور بکرێ

بەر لەوەی باس لەدەستوور بکەین دەبێت بپرسین دەستوور بۆ کێیە؟ مرۆڤ کە خانوویەکی دروست کردو باخێکی بۆ کرد پەرژینێکیشی بۆ دەکات، کورد دەڵێ پەرژین بۆ مرۆڤی بەناموسە ئەوەی ناموسی نەبێت پەرژینەکە شەق لێدەدات و دێتە ناو باخەکەوە. دەستووریش بۆ گەلێکە کە ڕێزی دەستور بگرێت، بۆ گەلێکە کە ترادسیۆنی دیموکراسیانەو ئازادیخوازانەی هەبێت، گەلێك کە چەند نەوەیەك لەوەو پێش دیموکراسیەتی لەوڵاتی خۆیدا خستبیتە کار. بەڵام گەلێك کە بەدرێژایی هەشتا ساڵ لەژێر ڕژێمی دکتاتۆریداو لەکۆمەڵگەیەکی دەرەبەگیداو لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەڵە دامەزرابێت و کەسێك ئەگەر خزم و کەسی باڵا دەست نەبێت کاری پێنەدەن و، ئەگەر کەسێك دەمی کردەوە بەدڵی ئەوان نەبوو دەمی بگرن. کەواتە لە شەوو ڕۆژێکدا تۆ ناتوانی ئەو گەلە دیموکراسی بکەیت. دیموکراسی مانای ئەوەیە گەلێك ڕێزی دەستوور بگرێت، ئەگەر ئەو دەستوورە دەستوورێکی زۆر باشیش بوایە. دەکرا دەستوورەکە بەدڵی هەموو لایەکدا بووایە. کەوا بەدڵی هەموو لایەك بوایە دیسانەوە دەستوور هەر ئەوە نییە کە نوسراوەتەوە، ئایا دەخرێتە مەیدانی کارەوە، دەوڵەتانی عەرەب و ترك و فارس هەموو دەستووریان هەیە، بەڵام هیچ کاتێك نەخراوەتە کارەوە.

لەعێراق بەپێچەوانەوە کە سیستەمی سەددام گۆڕا لەڕێگای کودەتایەکی سەربازی، کە سیاسەتمەدارانی کورد بەبێ پرسی خەڵك هاتوون و دەستوورێکیان داناوە. بەڕای من ئەوانە تەنها کار بەدەستن نەك کەسانی، وەك ئێمەو کارمان بەدەست نییە دەڵێن ئێمە دەمانەوێ نەتەوەی کورد بەرەو ئازادی و ڕزگاری ببەین، دەبوو بیریان لەوە بکردایەتەوە ئایا پێویست بوو دەستوورێك بۆ عێراق دابنێن. لەدرێژەی باسەکانیدا جەمال نەبەز باسی لەسیاسەتی دووڕوانەی ئەڵمانیا کرد بەرامبەر بەلێدانی عێراق و، باسی ئەوەی کرد کە کابرایەکی وەك گێرهارد شرۆیدەر دەیەوێ خۆی وەك کۆتری ئاشتی پیشان بدات و، لەخەڵکی بگەیێنێ کە ئەو دژی شەڕە.

من پشتگیری ئەمەریکا ناکەم، پیاوی ئەوانیش نیم چونکە هەر ئەمریکیەکان بوون شۆڕشی ئەیلولیان کۆتایی پێهێناو هەر ئەوانن خاوەنی هیرۆشیماو شەری ڤیتنام، بەڵام ئەگەر سەیری سیاسەتی نوێی ئەمەریکا بکەیت تۆزێك ئازادی تێدایە بۆ ئەوانەی بەدوایدا دەگەڕێن، ئەمریکا دەوڵەتێکی زلهێزەو بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێت و کوردیش دەبوایە بیری لەبەرژەوەندییەکانی خۆی بکردایەتەوە. ئێستا بوش و کۆندۆلیزا رایس لەسەر کارن بەیانی ئەوان بڕۆن بارو زروفەکە دەگۆڕێت، بەداخەوە کورد نەیتوانی سوودی لێببینێت.

نەتەنها پارتی و یەکێتی بەڵکو هەموو حیزبەکانی کوردستان زیاتر بایەخ بەحیزبەکانیان دەدەن وەك لە نەتەوەکەیان و زۆرتر بیر لە حیزبایەتی دەکەنەوە نەك کوردایەتی و بەلای بەرژەوەندی نەتەوەو ناچن و هەریەکە وەك تاکە کەس دەیانەوێ کارێك بکەن. نمونەیەك دەهێنمەوە بۆ ئەو قسەیەم لەپێش هێزەکانی ئەمەریکا بەچوار سەعات پارتی و یەکێتی چوونە ناو کەرکووکەوە، کەچی تالان و بڕۆی لێپەیدا بوو و ئەوە بیانووی دایە ئەمریکییەکان کە هێزی کورد لەکەرکوك دەرکەن ئەگەر وا نەبووایە هەر ئەو دەمە عەرەبی هاوردە دەڕۆیشتن.

هەر ئەو ڕۆژە نامەیەکم نووسی بۆ کاك مەسعود وتم کورد بەکراسی بەری خۆیەوە هاوکاری ئەمەریکا دەکات کەچی لە کەرکوك دەچنە دەرەوە، ئاخر سوار بوون عەیبێك دابەزین هەزار عەیب، هەموو هاوکاریەك لەگەڵ ئەمەریکا پێویستە، بەڵام بەرێککەوتن. دیارە کورد نەیدەتوانی شەڕی ئەمەریکا بکات، بەڵام دەیتوانی واڕێکبکەوێت کە لەبەرژەوەندییەکانی کورد بپارێزرێت. جێگای داخە ئەوان خەریکی هەڵمەت کاسیی خۆیان بوون و یەکسەر یەکێتی هات و کەرکووکی کردە چوار کەرت و ئەوە دوو ساڵمان بەسەر بردو دوو ساڵی تر ماوە، بەڵام من بڕوام وانییە دوای دوو ساڵی تر کەرکوك بگەڕێتەوە سەر کوردستان. سەرەتا دەیانوت ئێمە ناچینە هەڵبژاردنەوە کەچی دڕۆیان کردو وازیان لەخەڵکی کورد نەهیناو بەزۆر کردیاننەوە بەعێراقی جا خستنەوەی کەرکوکیش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دەبێت کوردستان ببێت بە هەرێمێك ئەمەش کێشەیەکی ترە کاك مەسعود دەڵێت هەندێك کێشەی تەکنیکیمان ماوە بۆ یەکگرتنەوە، دەباشە پێمان بڵێن ئەو کێشانە چین ئەی خۆتان ناڵێن ئێمە شت لەخەڵك ناشارینەوە باشە بۆ باسی ناکەن ئەو کێشانە چین؟

لەساڵی ١٩٩٦ پارتی و یەکێتی پەنایان بۆ ئێران برد بۆ ئەوەی ئاشتیان کاتەوە لە د. کەمال فوئادم پرسی وتی ئێستا وامان لێهاتووە شەیتان بۆتە ناوبژیکەرمان.

کەواتە کێشەکە گەران بەدوایی دەسەڵاتە، بەسەر ڕەشووڕوتی کوردستان بەرامبەر بەبێگانەو داگیرکەران ئەو دەنگانە نابیستین.

## دەبوا کورد بەدەستووری کوردستانەوە بچێتە بەغدا

لەدوای ڕووخانی سەددام دەبوایە کورد، بەدەستووری کوردستانەوە بچێتە بەغداو بڵێ ئێمە ئێراقی نین و بەزۆر لکێندراوین بەئێراقەوە، ئەگەر دەتانەوێ دەوڵەتێکی ئێراقی دروست بکەین ئەوە دەستوورو مەرجەکانی ئێمەیە. ئەنجامی گشتپرسییەکانیان لەگەڵ خۆیان بردبا بۆ بەغدا. بیانوتایە کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەی دەوێت.

جا بابزانین ئەم دەستوورە چی تێدایە، دەمەوێ لێرە ئاماژە بۆ چەند شتێك بکەم.

وشەی شەهید بەکار هاتووە لەدەستوورەکەو باسی شەهیدانی شیعەو سوننەو نەتەوەکانیتر دەکات. شەهید زاراوەیەکی ئیسلامییەو ئەو کەسەی لەپێناوی ئیسلامدا بکوژرێت پێیدەڵێن شەهید لەدیباجەکەدا هاتووە، بەڵام ئەوەی بە کورد کراوە شەهید بوون نەبووە بەڵکو کۆمەڵکوژی بووە کە پێیدەڵێن جینۆساید ئەوەی لەهەڵەبجە، بادینان، بالیسان، ئەنفالەکان ڕوویدا ئەوە کۆمەڵکوژیەك بوو بۆ لەناوبردنی خەڵکی کوردستان. لەدەستووردا ئاماژەی پێنەکراوە.

کورد دەیتوانی ئەم گەلکوژیە والێبکات کە هەر حکومەتێك هاتە سەرکار دان بەو گەلکوژیەدا بنێ و زەرەرو زیانی ئەوانەش بژمێرن.

بەڵام کەس گوێ ناگرێ، گەلێك کە دەیەوێ تۆ لەناو ببات چۆن دەبێ تۆ وەك خۆت تەماشای بکەیت و بەبرای دابنێیت. ئەوانەی لەناو عەرەب و ترك و فارس داوای مافی کورد دەکەن، لە نمونەی زانای گەورەی ترك بێشکچی کەمن. چونکە ڕژێمەکانی ئەو وڵاتانە ڕێگا نادەن خەڵك بەئازادی بیر بکەنەوەو سیستەمی دیموکراسیش پەیڕەو ناکەن.

## مەحمود عوسمان مافی ئەوەی نییە بڵێ جەمال نەبەز بۆی نییە قسە بکات

ئەوەش کە مەحمود عوسمان دەڵێ ئێمە خۆمان داوامەنکردووە ئەنفال بخەینە ناو دەستوورەوە ئەگینا شیعەو سوننە هیچ مانعەتێکیان نەبووە. من نازانم مەحموود عوسمان نوێنەری کێیە، نوێنەری پارتی و یەکێتی نییە، بەڵام لەوانەیە پێیان وتبێ وەردانیشە، سەیرم لەوە دێ کە مەحموود عوسمان دەچێ بۆ نووسینەوەی دەستوور کەچی د. نووری تاڵەبانی کە لەیاسای نێودەوڵەتیدا پسپۆرە نابەن، یان کەسێکی وەك کامیل ژیر نابەن بۆ بەغدا کەچی کەسێکی وەك مەحمود عوسمان دەبەن بۆ بەغدا، ئەو سیاسەتکارە نەك یاساناس. لەدەستوورەکەدا گەلی عێراق بەیەك نەتەوە ناونراوە نەك وەك یەکێتی و پارتی دەڵێن "گەلانی عێراق". لەدەستوورەکەدا هاتووە کە گەلی عێراق کە ئەو ئەرکەی گرتۆتە سەرشانی خۆی و پابەند دەبێت بەو دەستوورەو یەکێتی ئارەزوومەندانەش مانای مافی چارەی خۆنووسین نییە. کە ئەو بەڕێزانە باسی لێوە دەکەن. مافی چارەی خۆنووسین پێگەیەکی یاساییە ئایا نەتەوەیەك دەیەوێ لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا بمێنێتەوە یان نا. ئەگەر مایەوە بە چ شێوەیەك ئۆتۆنۆمی، فیدرالی یان کۆنفیدرالی.

بڕیاری چارەی خۆنووسین بڕیارێکی بێسنوورە ئەوە ئەگەر خەڵك دەنگی بۆ ئەو دەستوورەدا دەبێ کورد خۆی ببەستێتەوە بە گەلی عێراق و پابەندی ئەو دەستوورە بێت و یەکێتی خاکی عێراق بپارێزێت. ئەی ئەگەر نەیپاراست ئایا کورد مافی جیابوونەوەی هەیە. ئەوە مانای ئەوە نییە ئەگەر نەتوانی بیپارێزی داوای جیابوونەوە بکەیت، ئێستاش عەرەبەکان تەنها سێ پارێزگاکە بە کوردستان دەزانن کەرکوك و موسل و دیالە بە کوردستان نازانن، من بڕوام بەوە نییە کە ئەو شوێنانە بەو شێوەیە ڕۆژێك بێت بگەڕێنەوە سەر کوردستان، بەڵام خوایە کە بە هەڵە داچووبم.

من نازانم د. فوئاد مەعسووم کە عەرەبی زانێکی باشە چۆن ئەوەی بەسەردا تێپەر بووە. مەسەلەی ئایین کە دەڵێ ئاینی ئیسلام ئاینی ڕەسمییە لە عێراق، تەنها لە کوردستان چەندەها جۆر ئایین هەیە، دوایی خواپەرستی شتێکە لەنێوان خودی مرۆڤو خوادا، چ پەیوەندی بەخەڵکی ترەوە هەیە، ئاینی ڕەسمی عێراق ئیسلامەو هیچ قانونێك دەرناچی دژی بنەماکانی ئیسلام، لەخاڵێکی تریشدا هاتووە هیچ قانوونێك دەرناچێ دژی بنەماکانی دیموکراسی، کەواتە ئەمانە دووشتی زۆر جیاوازن و خاڵی یەکەمیش بەهێزترە لەخاڵی دووەم. کەواتە ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاساکانە.

ئیسلام و دیموکراسیەت یەك ناگرن، ئیسلام هەر ئیسلامە، ئایین لەچوارچێوەی خۆیدا فەرمانی خودایەو فەرمانی خوداش ناگۆڕێت و هەقی بەدیموکراسیەتەوە نییە. لەکوێ ئیسلام و دیموکراسیەت بەیەکەوە دەگونجێن!

دوایی لەدەستوورەکەدا هاتووە عێراق وڵاتێکی جیهانی ئیسلامییەو ئەندامێکی دامەزرێنەرو کارای کۆمکاری وڵاتە عەرەبییەکانەو پابەندی (میثاق)ەکەیەتی، کەواتە کوردستانیش بەشێکە لەجیهانی ئیسلام لێرەدا ئەم دەستوورە حەق بەکابرایەکی موسوڵمانی پاکستانی و ئەندەنووسی دەدات بەیانی شەڕی کورد بکەن ئەگەر لاملەیەکی کرد چونکە جیهانی ئیسلام دەکەوێتە مەترسیەوە.

من دەپرسم چ وڵاتێکی غەیرە عەرەبی ئەندامی ئەو کۆمکارە عەرەبییەیە، کەواتە عێراق دەوڵەتێکی عەرەبییەو ئێمە لەدەرگاوە دەرمان کردن ئەوان لەپەنجەرەوە هاتنەوە ژوورەوە. لەبەر خاتری چی و کێ، سوننییەکان و عەمرو موسا.

مام جەلال خوا سەلامەتی کا! هەموو کاتێك دەڵێ عێراق دەوڵەتێکی عەرەبییەو بەشێکە لەجیهانی عەرەب. هۆشیار زێباری دەچوو دەپاڕاییەوە کە عێراق وەك ئەندام لەکۆمکاری وڵاتە عەرەبیەکان قبوول بکەنەوە جا کە ئێمە خۆمان وابڵێین و وابکەین بۆ گلەیی لەخەڵکانیتر بکەین.

لەمادەی ٨ باسی تێرۆر دەکات، بەڵام دیار نەکراوە، تێرۆریزم چییەو تێرۆریستەکان کێن، ئایا بەیانی کوردێك لەدەست ڕژێمی ترك یان فارس، عەرەب ڕابکاتە کوردستان بەتیرۆریست دەناسرێت و دەبێت بیدەنەوە بەو وڵاتە، ئایا خەباتی ئازادیخوازانە تیرۆریستییە ئایا شەڕ بۆ ڕزگاری نەتەوەیەك تیرۆریستییە، کوشتنی شوانەی سەید قادرو سەرهەڵدانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات کارێکی تیرۆریستییە؟ سەرهەڵدانی کوردانی قامیشلۆ کارێکی تیرۆریستییە؟ لەدەستوورەکەشدا باس نەکراوە ئەو کەسانەی ژیانیان لەمەترسیدایە دەتوانن لەکوردستان مافی پەنابەریان هەبێت یان نا.

مەسەلەی پێشمەرگە کە بووە بەپاسەوانی سنوور پێشمەرگە، پاسەوانی سنوور نییە پێشمەرگە کەسانێکن کوردو گەلی کوردستان دەپارێزن.

لەدەستووردا هاتووە بەپێی یاسا دەتوانرێ ناسنامەی عێراقی لە هاووڵاتیان بسەندرێتەوە، بەڵام دیاری نەکراوە ئەو یاسایە چییەو سنووری چییە. دەکرێ وەك ڕژێمی سووریا ناسنامەی لەهەزاران کورد ستاندەوە، ئەوانەش وابکەن، جارێ نازانین ئەو خاڵانە چین، لەوڵاتە دیموکراسیەکاندا یاسا لەو ڕۆژەوە کاری پێدەکرێت کە لەڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

لەدەستووردا باسی یاسای موڵکایەتی دەکات و ئێراقییەکان بۆیان هەیە لە هەموو عێراق موڵك بکڕن و نیشتەجێبن کەواتە، هەزاران عەرەب دەتوانن بێنە کەرکوك و شارەکانی دیکەی کوردستان خانوو بکڕن بەپێی یاساش کەس ناتوانێ ڕێگریان بکات و دەریان بکات.

لەدەستووری تازەدا واکەوتۆتەوە ژنان چوار یەکن واتە ئەگەر جاران ٢ ژن بەیەك شاهیدەشیان ئێستا چوار ژن بەیەك پیاو حسابن لەمەسەلەی میرات هەروەها وەکو وتم ئێمە سەرەتاکەمان بەهەڵە دەست پێکردووەو جا نازانم خەڵکی کوردستان تا چ ڕادەیەك دەنگ بۆ ئەو دەستوورە دەدەن کە هیواو ئاواتی ئەوان لەچاڵ دەنێت.

سەرانی کورد تازە بە من دەڵێن وەرە لەنووسینەوەی دەستووری هەرێمدا بەشداربە، بۆ لە زووەوە جارێك پرسێکتان بە من نەکرد بۆ پرستان بەکەسانی شارەزا لەو بارەیەوە نەکرد. مەحمود عوسمان دەڵێ جەمال نەبەز بۆی نییە قسە بکات، جارێ مەحمود عوسمان بچوکترین پرەنسیبی دیموکراتیەت نازانێ، چونکە لەسیستەمی دیموکراتیدا هەموو کەس بۆی هەیە قسە بکات، کەسێك لە ئوستralیاشەوە بۆی هەیە قسە لەبارەی دەستوورەکەوە بکات. ئەگەرنا کەواتە ئەو کابرایەکی فاشیستە.

مەحمود عوسمان کە لەساڵی ١٩٩٢ لەکوردستان هەڵبژاردن بوو لە مەلا عوسمانیش زۆر کەمتر دەنگی هێنا کە گەڕایەوە بۆ لەندەن بە کاك جەوادی مەلا، شیخ لەتیفی وتبوو کە یەك گونییە دۆکەمێنتی پییە کە ئەو هەڵبژاردنە هەمووی ساختە بووە، ئەوانیش وتبوویان باشە بێنە با بڵاوی بکەینەوە وتبووی ئێستا کاتی نییە ئەوە لەو ساکەوە هەر کاتی نەهات.

مەحمود عوسمان لەشۆڕشی کورد لەگەڵ بەهەشتی بارزانی بوو، دوای هەرەس هەڵگەڕاییەوەو هەموو خراپییەکانی دایە پاڵ بارزانی، دوایی کتێبێکی بەعەرەبی بڵاوکردەوە کە بەهەشتی بارزانی چووە بۆ ئیسرائیل، زۆر ناشیرنە مرۆڤ کەسایەتی خۆی بەهۆی کەسانی ترەوە دەستکەوێت و هەردووکیان لەسەر یەك ڕێگا بڕۆن، دواتر هەوڵبدات هاوڕێکەی ناشیرین بکات و خراپەکارییەکانی شۆڕشی ئەیلوولی هەموو دایە پاڵ مەلا مستەفاوە، کەچی چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لەڕۆژنامەی خەبات مەلا مستەفای بردۆتە ئاسمان، ئەم شتانە جوان نین.

کاتێکیش ئەو چەپڵەی لێدەدا بۆ مۆسکۆ من دەموت ئەوە دەوڵەتیکی دیکتاتۆرەو دژی فەقیرو هەژارانە، دەیانوت ئەوە قسەی ئەمەریکاو ئیسرائیلە، من ئەو کاتە نۆکەری سۆڤیەت نەبووم ئێستاش نۆکەری ئەمەریکا نیم. مەحمود عوسمان دەیەوێ خۆی خۆشەویست کات پیرۆزی بێ، بەڵام مافی ئەوەی نییە بڵێت فلان کەس یان جەمال نەبەز بۆی نییە قسە بکات.

دواتر بەپرسیارو وەڵامی ئامادەبووان سەمینارەکە گەرمتربوو.

# زەنگی مێژوو

## حەکیم کاکەویس

من نەتەوەکەی خۆمم بەلاوە مەزنە، بەڵام مەزنایەتییەکەی، خۆشباوەڕییەکەی لەناو نابات. نەتەوەکەی خۆمم بەلاوە پیرۆزە، بەڵام پیرۆزییەکەی، خۆشباوەڕییەکەی ناکوژێنێتەوە. نەتەوەکەی خۆمم بەلاوە گەورەیە، بەڵام گەورەییەکەی، هەستی دونێتی و خۆ بەکەمزانین و پلە دوویی ناشارێتەوە. ئەو لایەنە بەدو نێگەتیڤانە، بەشاردنەوەو پەردە پۆشکردن چارەسەر ناکرێن و هاشالێکردنیان دەرمانیان ناکا. دەبێ بەوردی لەسەریان بوەستین و دەستنیشانیان بکەین تا، ئەگەر کرا، نەوەکانی داهاتوو چارەسەریان بکەن.

بەڵام دەبێ ئاگامان لەوەش بێ کە نەوەی نوێی عارەب نەدیوی ئەنفالکراوی مەیلەو ئازادی باشووری کوردستان بەدێوجامەی دۆلاربارانی کتوپڕی ڕەنج و ئۆتۆمبێلی پاشەڕۆژی ئەوروپا و کلیپی گۆرانی کوردی بەدیمەنی ژنانی ئەورووپاوە، لەخشتە براون و پیلانێکی درێژخایەنیان لێ دەکرێ. دەبێ دەست لەلاوانیش بشۆین؟ دەبێ وەك دەیان و سەدان ساڵی لەمەوبەر، دەستوودامێنی غەیب بین و خۆمان بدەینە دەست قەدەرەوە؟

رابردوومان زاوەو ئێستامانی بووە. ئێستامان دەزێ و داهاتووی لێدەکەوێتەوە. ئەوەی ئێستا دەیدەینەوە، قەرزی رابردووەو داهاتووش دەخەینە بن قەرزێکی گران.. گرانەوە..

ئەبوو موسلیمی خوراسانی لەواقعی حاڵی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان و زوڵمو زۆریان بێزار بوو. ئەو سووکایەتییانەی پێ هەرس نەدەکرا کە بەموسولمانی ناعەرەب دەکران.. بەهەزاران کیژە کوردیان بەتاڵان دەبرد.. موالیبوونی کورد جۆرە جاشایەتییەك بوو و ئەبو موسلیم پێی قەبووڵ نەدەکرا: شۆڕشی کرد، خەڵکی بەکوشتدا، خەڵکی کوشت، لەڕێی ئەوەوە، ئەو زەردەشتیانەی تا ئەو دەمە نەببوونە موسوڵمان، بوونێ. لەئەنجامیشدا ئەمەوییەکانی رووخاندو بەرهەمی ئەو شۆڕش و خوێنەی خستە ناو لەپی عەبباسییەکانەوەو چۆن دەستی پێ کرد، ئاوها لێی بووەوەو لەسەر ئەوەش، بەپیلانێکی نامەردانە کوشتیان. دە بیخۆ، عافیێت بێ! ئەبو موسلیم چاکی کرد ئەوەی کرد؟ بەرهەمی ئەو خوێنە بۆ کورد چی بوو؟

کەریم خانی زەند، ئێرانی لەئاژاوە دەرباز کرد. ئەنجامی ئەویش ئەوەبوو کە ئێسك و پروسکی، لەسەرە ڕێی شاردا بنێژن تا لەهەموو هاموشۆیەکیدا بەسەریدا بڕوا. ئایا چاکی کرد؟

کورد بنیاتنەری سوپای عێراقی تازە دامەزراو بوو. هەر ئەو سوپایە ئەنفالی کردین. هەر ئەو سوپایە، تەنانەت گوندی دامەزرێنەرەکانی خۆی، جەعفەر عەسکەری و بەکر سدقی کیمیاباران کرد: گۆپتەپەو عەسکەر.

ئەمانە زەنگی مێژوومانن و ئێستامان وریا دەکەنەوە. ناشێ قوڕقۆشم کرابێتە گوێچکەمانەوەو هیچ نەژنەوین!

ئێستاش: کورد ئەبو موسلیمی لێ دروست بوونەتەوە.. سەددامیان رووخاندو جەعفەرییان هێنا. جەعفەریش، لەهەموو دەرفەتێکدا نیەتی خۆی ئاشکرا دەکا. دەبێ ئەنجامی ئەبو موسلیمەکانی ئەم سەردەمەمان چی بێ؟

ئەبو موسلیمەکانی ئێستامان، بەقسەی خۆیان، ئەوەندەی هەوڵی پێکهێنانەوەی شیعەو سوننەی عارەب دەدەن، هەوڵی بەدەستهێنانی داواکانی کورد نادەن. ئەنجامیان؟

دڵنیام لە ئەبو موسلیمی خوراسانی چاکتر نابێ. ئەوە من و ئەوە ئێوەو ئەوەش ئەو ڕۆژەی کە عێراق بەتەواوی دامەزراوەکانیەوە دروست دەبێتەوەو دەبێتەوە بەخاوەنی سوپایەکی بەهێزی خۆی!

مەترسن، مە! کوڕی ئازاو شۆڕشگێڕمان هەیەو شاخەکانیش ئامێزیان کردۆتەوە!!